ئەمڕۆی سینەما و ئەکتەری سینەمای کوردی.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئەوانەی لەکوردستاندا ئەکتەری سینەمان ژمارەیەکی سنووردارن، بەڵام پەدەچێ بەپێی تێپەڕبوونی کات، ئەو ژمارەیە بەرەو زیادبوون هەنگشێ .
تا ئەو دەمەی ئێستا، ئەو هەڵومەرجە سەخت و دژوارەی کوردستان، ئەو دەرفەتەی نەڕەخساندووە، بزاڤێکی سینەمایی و فیلمسازیی لەکوردستاندا سەرهەڵبدا، یان ئەکادیمیا سینەماییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێ بۆ دروست کردن و پێگەیاندنی کادیری سینەمایی، بەتایبەت ئەکتەرو دەرهێنەر.
ئەو بڕوایەی سینەماش کە هەبووە، زۆتر بەپشت بەستن بەسینەماکارێکانی دەرەوەی کوردستان پێ کراونەتەوە، ئەگەرنا زەرینەی ئەو بەرهەمانەی ئەنجام دراون، بەهەی لاوازی توانستی دارایی و کادیری سینەمایی و تەکنیك و ئامێری تەقلیدی، نەیان تواniووە بنەمایەکی متمانە پێکراو بۆ پیشەسازی فیلمسازیی لەکوردستاندا دامەزرێنن.
زەرینەی ئەو لاوانەش کە ئارەزووی فیلمسازییان هەبووە، ئەو توانا دارایی و هونەریی و تەکنیکییان نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی بازرگانی، بەڵکو زەرینەیان بەئاراستەی بەرهەمهێنانی کورتە فیلم بۆ فیستیڤاڵە جیهانییەکان کاریان کردووە، ئەم حاڵەتەش نەیتوانیووە شتێ لە واقعی سینەما لە کوردستاندا بگۆڕێت بەئاراستەی دەزینەوەی شوناسێك بۆ فیلمسازی لەکوردستاندا.
تەنانەت ئەو چەند فیستیڤاڵە سینەماییانەش کە ساڵانە لەکوردستاندا ئەنجام دراون، راستە کە فاکتەرێکی هاندەر بوونە بۆ بەکولتوور بوونی سینەما لە کەمەگای کوردی دا، بەڵام چونکە بزاڤێکی سەقامگیرو بەردەوام نەبووە، ئەو کاریگەرییەیان نەبووە بۆ گەیشتن بەئامانجە سەرەکییەکە، کە هەنانە کایەوەی پیشەسازی فیلمسازیی بووە لەکوردستاندا.

ئێستا .. تەنیا شتێك کە جێگەی ئومێد بێت لەکوردستاندا، هاتنە پێشەوەی کەمێك کەمپانیای بەرهەم هێنانی فیلمسازین.
ئەو کەمپانیا بازرگانیانە پەیوەندی راستەوخۆی هونەریان لەگەڵ کەمێك دەرهێنەر هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژە سینەماییانە.

کاتێ ئەو کەمپانیانە گرێ بەست لەگەڵ دەرهێنەرەکاندا دەکەن، مەرجی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ پرۆژە سینەماییەکان، ئەویش ئەوەیە کە چەن بتوانن وەك دراماو فیلمە تورکیەکان بینەر لەدەوری ئەو شاشە تەلەفزیۆنیانەدا کە بکڕنەوە،لەوانەی وەك سپێنسەر بەشداری لەبەرهەمهێنانی فیلم دەکەن .
دەرهێنەرەکان هەموو ئازادییەکیان پێ دەدرێت و هەموو پەداویستیەکی ماددی و هونەرییان بۆ فەراهەم دەکرێت، تەنیا ئەوەندە نابێت، ئامانج و ستایل و ئاراستەی سیناریۆی فیلمەکان دەکەوێتە دەست کەمپانیاکان، بۆیە زۆر لەدەرهێنەرەکان ناتوانن بپرژێنە سەر پرسە کەمایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، لەوەشدا دژ بەخواستی زۆرینەی بینەران دەوەستن، تەنیا گەنجەکان نەبن کە گوتاری سینەماییان بەلاوە گرنگتر نیە لە شێوە و تەکنیك و ستایل و روخساری جوانی ئەکتەر.
لێرەوان ئەو دوو هاوکێشەیەی خواستی کەمپانیاکان و خواستی بینەران کامیان لەبەرژەوەندی سینەمای کوردی دایە؟
بەگومان دروست بوونی بناغەیەك بۆ فیلمسازی و بازرگانی کردنی فیلم لەسەرووی ئامانجەکانە، چونکە تا تۆ بنەماکانی پیشەسازییەکە دانەمەزرێنی، ناتوانیت بەرهەم و بازاڕت هەبێت، کە پیشەسازیشت هەبوو دەتوانیت لەئایندەدا ئاراستەکانی بەرهەمهێنان بگۆڕیت، بەو شێوەیەی بازاڕ خواستیەتی .

هەمیشە هەبوونی بازاڕ رکابەری نوێ دەهێنێتە پێشەوە، کە لەئەنجامدا بەقازانجی سینەمای کوردی دەشکێتەوە.
رەنگە ئەگەر ئێستا دووسێ کەمپانیای فیلمسازی لەکوردستاندا هەبێت، لەئایندەیەکی نزیکدا بەهەی بۆ بازاڕبوونی بەرهەمەکان، بەبێتە خاوەنی دەیان کەمپانیای زۆباللاحی تر، کە پشبەکە دەکەن لەسەر باشترین دەرهێنەر، باشترین سیناریۆ، باشترین ئامێرو کادیری تەکنیکی پشکۆتوو، باشترین ئەکتەری سینەمایی.
ئەو کاتە گرێ بەستی دەرهێنەرو ئەکتەرو کادیرێ سینەماییەکان بەشێوەیەك بەرز دەبێتەوە، کە هەموو هونەرمەندان ئاواتی ئەوە بخوازن لەکەرتی سینەمادا کار بکەن و ببن بەروخسارێکی سینەمای کوردی لە جیهاندا .
ئەوەی باسی دەکەم نیشانەکانی دەرکەوتن و لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان دەبێتە خاوەنی سینەمای خۆی، بە ئەوەی پەویستی بەکادیری دەرەوەی کوردستان هەبێت، لەوانەش ئەکتەری سینەمایی .
ئەوەی فەکسی دەخەمە سەر هەر تەنها سینەما نیە، بەڵکو دراماو زنجیرە درامای کوردیش بەهەمان شێوە دەکەونە نێو چوارچیوەی هەمان

بازنە.
هەمیشە هەلومەرجی ئابووری و بازرگانی پەرەسەندوو لەهەموو دنیادا، دەرهاوەشتەی خۆی هەیە، ئەو هەلو مەرجە هونەریيە بازرگانیەش کە لە کوردستاندا هاتۆتە پێشەوە، دەرهاوەشتەی ئەو زەمەنە خراپ بە پەلەیە، کە تێیدا بتوانێت و نتوانێت زمان و ئامرازو ستایلی تایبەتی خۆی بەسەر واقیعدا دەسەپێنێ، ئەگەر لە دەستپێکا ئەو تەوزمە نوێیە جەرە دژایەتیکیشی لەگەڵ کولتوورو داب و نەریتکی دیاری کراوی کۆمەڵایەتیدا هەبێت ، ئەوە بەکاتکی کەم، بینەری کورد، ئاوەتەی زەمەنە نوێکە دەبێت و بەناچاری قەبوڵی دەکات .
بە شک کە سینەماو کەمپانیای سینەمایی لەکوردستانا نەبوون، ئەکتەری کوردیش ئەگەر مومارسەیکی پیشەیی و پراکتیکی لەگەڵ هونەری فیلمسازی دا نەبێت، ناتوانێت لە بازنەیکی بەتاڵدا بێتە بەردەم کامەراو ببێت بەئەکتەرکی سینەمایی، چەند ئەوەندەی خاوەن توانست بێت .
پاشان ئەگەر ئەکتەری باش بیت و لەگەڵ دەرهێنەری شارەزا کار نەکەیت، کە بێت ببێتە راهێنەرکی زیندوو بۆ کاری نواندن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کامەرا، ئەوە ناتوانیت ببیت بەئەکتەری سینەمایی ، گریمان ئەگەر دەرهێنەریکیشت هەبوو، ئەگەر بەردەوام نەبوویت لەکاری سینەمایی دا، ئەوە بۆ بەرهەمێک و دووان و سیان ناگەیتە ئەو ئامانجەی کەبینەر وەک ئەکتەرکی سینەمایی تێ بناسێ .
خۆ ناساندن وەک ئەکتەری سینەمایی سێ ئامانج دەپێکێنێ:
1.خۆ ناساندن بەمانا بەردەوام بوون لەسەر کاری سینەمایی و دەوەمەند کردنی ئەزموون، چونکە تێ تا وەک ئەکتەرکی سینەمایی نەناسرێ ی نابیتە جیگەی سەرنج راکێشانی بەرهەم هێنەرو کەمپانیاکان .

2. نواندن لەکاری سینەمایی، سەرچاوەیکی زەر نزیک کەرەوەیە بۆ پەیدا کردنی ناوداریەتی، لە ماوەیکی کەم دا، لەبەر ئەوەی سینەما بەرفرەوانترین و خەراترین گۆڕپانە بۆ خۆ ناساندن، لە سەر ئاستی وڵات و پاشان لەسەر ئاستکی ئیقلیمی و جیهانیی دا.
3.پەیدا کردنی داهات و بازاڕی گەرم، چونکە داهاتی سینەما بۆ ئەکتەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ داهاتی دراماو شانۆ، بەتایبەت لەو فیلمانەی کە سەرکەوتن بەدەست دێنن و زەرترین بینەریان دەبێت .
4.ئەکتەری سینەما کە گەیشتە قۆناغی ناوداریەتی، وەک ئەکتەری دراماو شانۆ بۆ کار نابێت و رەنگە لە یەک کاتدا

خاوەنی کەمپانیا گری بەست بێت و لەیەک کاتدا لەچەند بەرهەمێک کار بکات .
5.ئێستا بازرگانی سینەما لەکوردستاندا خەریکە سەرهەڵدەدات و کەمپانیاکان دەروازەیەکیان کردۆتەوە بۆ فیلمسازی، تا ئێستا ئەو بەرهەمانەی وەک ئەزموونێکی سەرەتایی و بەپشت بەستن بەچەند گەنجێکی سینەماکار لە دەرهێنەرو ئەکتەر لەرووی داهاتووە، وەک ئاریشا هونەرییەکان و کەم و کوڕیکان گەیانکاریان پێوە دیارە، کە رەنگە ئەگەر پەرەی پێ بدرێت و ئەزموونەکە فراوانتر بکرێت، ئەوە قەناغێکی نوێ بۆ پیشەسازی سینەما لە کوردستاندا سەرهەڵبدا .

ئایا هەموو ئەکتەرێک دەتوانێت ببێت بە ئەکتەری سینەمایی؟
زەرینەی ئەکتەرانی سینەما لەجیهاندا تەنیا کاری سینەمایی دەکەن و لەو بوارەدا ئەزموونێکی دوورودرێژیان هەیە، لەوە راهاتوون کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کامێرا بکەن و چۆن پارێزگاری لە جەستەو پەرفۆرمانسی خۆیان بکەن.
دواتر ئەو داهاتەی بەهۆی ناوداریەتی و وەرگرتنی خەڵات لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانەوە بە دەستیان هێناوە، هەروا ئەو هەموو عروزاتەی لە لایەن کەمپانیاکانەوە بۆیان دەخرێتە روو، ئەو کاتەی بە دەستەوە نادەن، دەرفەتێک بدەزنەوە بە کاری درامی یا شانۆیی .
ئەو ئەکتەرانە چەند ئەوەندەی ناوداریەتیان زۆرتر دەبێت،کرێ ی کار کردنیان گرانتر دەبێت، ئەوەندەش بەپراکتیک کار بە سینما دەکەن، بەشێوەیەکی سروشتی ڕێچکەی ڕاستەقینەی نواندنی خۆیان ئەنجام دەدەن و ئەو نواندنە دەکەن کە سینەما دەیەوێت .
بەڵام واقیعی فیلمسازی لەکوردستاندا بە ئەکتەر شتێکی ترە، لە بەر ئەوەی پیشەی ئەو ئەکتەرانەی لە سینەمادا کار دەکەن، تەنیا سینەما نیە، بەڵکو بە هەندێکیان شانۆ بووە، بە هەندێکی دیکەیان دراما، یاخود ئەکتەرێکی کەکتیل بوونە، بەشێوەیەکی میللیانە دروست بوونە، بەتایبەت شانۆکارە کلاسیکیەکانن کە لای ئەوان فۆرمی نواندن و پەرفۆرمانسی ئەکتەر ، لەنەوان هونەری شانۆیی و دراماى تەلەفزیۆنی و سینەمادا ئاوێتەی یەکتر بوونەو زۆر لەئەکتەرانی کورد لەکاتی کار کردن لەو هونەرانە تایبەتمەندی خۆیان نادەنە پاڵ هەر یەک لەوان ، بۆیە زۆر جاران لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاو بوونەو جیاوازی پێ نەکردنیان، هێندە لەو ئەکتەرانە دووچاری شکست هاتن بوونە وەک ئەکتەر، لە هەمان کاتیشدا ئاسوارو کاریگەریەکی نەگەتیفانیان بەسەر بەرهەمیشدا بەجێ هێشتووە..
فاکتەری سەرەکی ئەو تێکەڵاو کردنە لەوە دایە، کە زەرینەی

ئەکتەرانی کورد بەگشتی لە سەر بونیاتەکی ئەکادیمی پەروەردە نەکراون و لە هونەری شانۆ پێیونەتوە سەر دراما، پاشان لە دراماوە بازیان داوەتە سەر سینەما، خەیان و ئەو فەرم و ستایلە تەقلیدیانەی پێیانەوە نوساوە، بە گوێینی هونەرکان لێیان جیا نەبەتەوە لە هەر سێ بواردا، بە یەك فەرم نواندنیان کردووە .

رووکی دیکەی فاکتەرکان ئەوەیە کە ئەزموونی زانستی و پیشەیی ئەکتەری کورد لەگەڵ سینەمادا ئەزموونکی زەر لاوازو هەرگیز وەك ئەکتەرکی پرفیشنالی پشتی پێ نابەستریت، ئەوەی هەیە کەمێك بەرهەمکی لاوازە کە نە لە گەڵ تەکنیکی ئەمێکی سینەما دەگونجێ، نە لەگەڵ فەرمە جیاوازەکانی ئەمێکی پشکەوتنی سینەمادا هاوکوفە.
بەیە دەرهێنەر ناچار دەبێت کە هەندە جار سەرکێشی بکات و ئەو ئەکتەرە کلاسیکیە بە ئەزموونانەی بواری شانۆو دراما بە سینەما بکاربێنێ کە بەزەقی پرفەرمانسی شانۆییان پێوە دیارەو هەمان ئەکشن و ئیلقاو دەنگی شانۆیی و دەرخستنی جەستە بە سینەماش بکار دەهێننەوە.
ناکرێت هەندە دەرهێنەر بتوانست و ئەزموونی هیچ ئەکتەرکی شانۆیی فریو خواردوو بێ و وای بێ بچێت، کە ئەو ئەکتەرە هەمان ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بێنێ کە لەشانۆ یا دراما بەدەستی هێناوە، نەخێر هەندە لەو ئەکتەرە جیاوازانە دەبێنە باسکی گران بەسەر شانی سینەماوە.

ئەوەی بە سینەما گونجاوە هیچ لەو ئەکتەرانە نین کە قالبکی شانۆییان وەرگرتووە، بەڵکو تەنیا ئەکتەرە خاوەن ئەزموونکانی سینەمان، کە لە چەندین ئەزموندا توانای خەیان لە بەرهەمکاندا دەرخستووە ، یاخود کاراکتەری سروشتی شەقامن، لەوانەی نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری هیچ فەرمکی تەقلیدی ، کە هەندە لەوان هیچ جۆرە نواندنکیان نەکردووە ، بەڵام دەرهێنەر لە کاتی وێنەگرتندا بەو شێوەیە دروستی دەکات، کە ئەو دەیخوازێ ، ئەوەتا زەر لەو ئەکتەرانەی لە شەقامەوە هیندراونەتە ناو سینەما، هەندکیان ئێستا بوونەتە ئەکتەری جیهانیی و چەندین خەڵاتی سینەماییان لەجیهاندا بەدەست هێناوە، بە نموونە کاراکتەری (وەحشی) کە لە فیلمی (رسالە) ی مستەفا عەقاد حەمزەی مامی پێغەمبەر بە ەم دەکوژێ ، ناوی عەلی سالم قەدارەیە، خەڵکی لیبیایە، لە ژیانیدا کاری نواندنی نەکردووە، کاتێ مستەفا عەقادی دەرهێنەر لە هوتێل چاوی پێی دەکەوێ ، بە ئەو رۆڵە هەڵی دەبژێرێ .
عەلی سالم لە کۆنفرانسکی رۆژنامەنووسی دا دەربارەی رۆڵکەی لە

فیلمی (رسالە) گوتی : دوای ئەوەی دایکم فیلمەکەی بینی ، لە ماڵ دەری کردم دەرەوەو هاواری دەکرد بە سەرما، چەن تۆ پێ دەنێیتە ماڵەکەم تاوانباری بە کوشتنی ئیمام هەمزەی مامی پێغەمبەر .
ئەو جۆرە ئەکتەرانەی سەرشەقام کە لەلایەن دەرهێنەرەوە بژار دەکرێن بە بینینی رۆڵی هێندە لەو کاراکتەرانە ، تەنیا روخسارو ڕەنگ و شێوەی لەکچونیان لە کاراکتەر دەبنە هەکاری راکێشانی ئەو کەسایەتیانە بە دنیای سینەما .
ئەزموونی ئەکتەری کورد لە گەڵ سینەمادا ئەزموونکی کورتە بە قەد کورتی تەمەنی سینەمای کوردی ،
نەك هەر ئەکتەر هەموو ڕەهەندە هونەرییەکانی سینەما بگشتی لەدەستپێکدان و تا ئێستا نەکەوتونەتە سەر پێ، کە خاوەنی شوناسکی سەربەخۆ نەبێت .

چینایەتی لە کورتە ڕەمانی کارەکەر دا.. هێشیرجەمال

کورتە ڕەمانی " کارەکەر" لە نوسینی " گەلاوێژخان"ە و لە دووتوێی (١٠٤) لاپەڕە دا نووسراوە، کاتی نووسینی ڕەمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٧)ی زایینی، کاتێک نووسەر لە تاراوگە ژیاوە. بەڵام بە شێوەیکی هوون لە کورتە ڕەمانەکە ئاماژەی نەکردوە بە کاتی هوودارەکانی ناو ڕەمانەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک یان زەمانێک.
نووسەر شاری بەغدادی وەک شوێنی هوودارەکانی ناو کورتە ڕەمانەکە هەڵبژاردوە، کە زۆربەی کارەکتەرەکان بە نێتوە کوردن. هەروەها دیالێگ و کارەکتەرە سەرەکیەکانی زۆربەیان ڕەگەزی مێینەن، کە ئەمەش زیاتر نزیک دەبێتەوە لە ڕەمانی "بووکی ئاتەخان"ی هەمان نووسەر. دەستپێکی هوودارەکان بوون بە خزمەتکاری کچێکی خوار هەژدە ساڵە بەناوی"گوڵە" کە بانێتەوە کوردە و نیشتجێی خانەقینە، بەڵام باوکی بەهەی ئەوەی لەگەڵ دایکی ناژی تا تەمەنێک توانیویەتی بەخێوی بکات، ناچار دەیباتە شاری بەغداد و دەیکات بەکارەکەری ماڵێکی دەوڵەمەندە کە ئەوانیش هەر بە نێتوە کوردن. لەڕەوە ئازار و سەختیەکانی ئەو منداڵە دەستپەدەکات کە چەن کارەکەری ماڵێکی پێ دەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە. هەروەها وەک کەیلێک مامەڵەی لەگەڵ

دەکرێت، کە ئەمش سەلمێنەری ئەوەیە ئەو دابەشبوونی چینایەتی و کێلایەتیانەی کە بە درێژای مێژوو هەوێنداوە و لە وەاتێک بە وەاتێکی تر بە جۆری جیاواز بوونیان هەبووە، ئەگەر لە لایەکەوە هەندێکی سیاسی هەبێت و نەتەوە سەردەستەکان و زلهێزەکان دانیشتوانی وەاتە هێزارەکانیان ناچارکردبێت بۆی دانیشتوانەکەی بکەیەن بە کێلە لە پاش داگیرکردنی وەاتەکەیان یان دانیشتوانەکەیان گواستبێتەوە بە وەاتانی تر و بە کێلە کرابێت، ئەوا هەندێکی تری بریتیە لەوەی زەربەی مرۆڤ لە ناخی خۆیدا کاتێک دەگات بە پلە و پێستێک یان سەروەت و سامانێکی زەر حەز و ویستی خۆ زاڵکردن بەسەر ژێردەستەکانی هەیە. وەک کێلە مامێیان لەگەڵ دەکات و ئازاری جەستەی و دەروونیان دەدات وە هیچ پەوەرێکی (یەک زمانی و یەک نەتەوەی و یەک ئاینی) ئەو دوو مرۆڤە کاریگەرێکی ئەوتۆی نیە لەسەر ئەوەی کەسی سەردەستە و دەوەستێند تا لە ئازار و سەختیەکانی کەسەکەی تر تێبگات.

هەوداوەکانی کورتە هەمانەکە جگە لە نیشاندانی ئازارەکانی کچێک بە ناوی "گوڵە"، نیشاندانی ئازاری چەندین ژن و کچی تر لە کە لە ماڵە دەوەستێندەکانی تر دەژین و ستەمیان لە دەکرێت، تەناتەت دەستدرێژی سێکسیان بەرامبەر دەکرێت.
هەر لەم کورتە هەمانەدا ئاشنا دەبین بە ژنێک بە ناوی " شوکریە" کە ئەویش هەر خزمەتکاری ماڵانە و پاش ماوەیەک دەتە هەمان ماڵ کە "گوڵە"لەی دەژی بە کارەکەری، بەڵام هەوحی یاخی بوون لە جەستەی ئەم ژنەدا نێک هەربەوونی هەیە، بەڵکو بەشێکی دانەبراوە لە جەستە و دەروونی ئەم مرۆڤە یاخیەدا کە دەبێتە هەوێنی چەند هەوداوەکی جیاوازی ناو کورتە هەمانەکە، ئەویش لە پاش ئەوەی خاوەن ماڵەکە وەک کارەکەری خۆی کە بە میوانی دەچن بە ماڵان لەگەڵ خۆی دەیبات، ئەویش لەوە وەک ژنێکی وریا دەگەڵێت و دەپرسێت هەتا بە ئازارەکانی کارەکەرێکی تر ئاشنا دەبێت کە خاوەن ماڵەکە پلەدارێکی سەربازیە و چەندین جار دەستدرێژی سێکسی کردۆتەسەر، ئەویش سەرەڕای مەترسیەکان ڕزگاری دەکات.

لە کۆتایشدا نووسەر هەوداوەکانی ناو کورتە هەمانەکەی بەوە کۆتایی پێ دەهێنێت کە شوکریە بەیاری هاوسەرگیری دەدات لەگەڵ باوکی "گوڵە"دەدات. کە بەم بەیارە خۆی و کەسێکی تریش لە کارەکەری ماڵان ڕزگار دەکات و ژیانێکی نوێ دەستپێدەکەن. کە دەکرێت بڵێن هاستە نووسەر لە سەرەتای هەوداوەکانی کورتە هەمانەکەیدا هەندێک هاستی ناخی مرۆڤی بە باسکردین کە چەند وەڵی خۆبەگەورە زانین و بوون بە

ستەمکار و بینینی خەڵکە وەک کۆیلە، کە خوێنەر توشی دڵتەنگبوون دەکات، بەڵام لە کۆتایدا پەیامی ئازادی و ڕزگار بوونی مرۆڤی نووسیوەتەوە کە لە هیچ بارودۆخێکی ژیانیدا ناکرێت بە هیوابڕت، بەڵکو پێویستە هەردەم هووڵ لە ئاسۆی هووناکی بێت، پەیامی ژیان دەستی هەڵگرتبێت.

مرۆڤ نابێ فڕبکرێت.. ئاراس سەعید

فڕکردن کەبتکردن و کوشتنی توانای تەئامان و تەفکرینی تاکە، بە کەسێکی پاسیڤ و وەرگر.
سیستمی پڕوپردە کارخانەیەکە تەواوی ئینەرجی و تواناکانی مرۆڤ دیسپلین دەکات لەڕێگەی فڕکردنەوە. کاتێک "فڕیدە" دەربارەی سەردەمی "قۆڵاقی شارستانیەت" دواوە، لەدیدی منەوە، لە ئێستا ئەو ڕێگەیە ئایین لەمەژووداە، وەکو دەزگایەک لەبەرژەوەندی دەوڵەت "دەسەڵات" خۆی تەدا مومارەسە دەکردەوە، لەسەردەمی نوێدا ئەو ڕێگەیە گوێزراوەتەوە بە ناو دەزگا پڕوپەدیەکانی وەکو (خوێندنگا، زانکە، پەیمانگا). دەسەڵات ڕایەڵەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو بەشوازێکی قووچێکی لەسەرەوە دەتەوە بە خوارەوە، کاتێک دەسەڵات لەڕێگەی مامۆستاوە خۆی مومارەسەدکات، کاردەکات بە "نامۆ"کردنی مرۆڤ، لەجۆهەری خۆی.
مامۆستا لەڕێگەی مومارەسەکردنی دەسەڵاتەوە، تاک ناچار دەکات بەفڕبوون و ووتنەوەی شتانێک کەهەرگیز خۆی قەناعەتی پێ نیە، ئەمەش فاکتەرێکی بە دروستبوونی شێزانێک لەدڕوونی تاکدا تا هەدی هەدی لەخۆی "نامۆ" دەبێت و دەبێتە ڕەبەت وتووتی. ئاڵەڕوویە "قۆڵاقی شارستانیەت" و هەرس هەنسانی بەهاکان دەتەئاراوە، چیتر مرۆڤ ناهاتوە لەڕێگەی پێشینی ماسک و شاردنەوەی هەستەکانی.
مرۆڤ دوونیایەک مەتیقی چەپێنراو کەبتکراوی لەژێر ئەو ماسکانەدا حەشارداوە کە ڕەژانە دەیپەشێت. مرۆڤ چیتر ناهاتوە بە نەگووتنی ڕاستی و لەجۆهەری خۆی نامۆ دەبێت و، ئینتما و شوناسێک لەوانی تر وەردەگرێت و ئەو ڕێگە نمایش دەکات، کە کەمەگا و سیستەم

بەسەریدا سەپاندوویەتی.
سیستەمی پەروەردە، (تاکی هەشمەند- تاکی یاخی) لەگەڵی سەپاندنی یاساو داشکاندنی نمرەو دەگەڵەت، بە تاکەکی گوڵایە و توتی، فەرگە ئاگایی و توانای تەماشانی تاک دیسپلین دەکاتو، (کەمەک پرسیار و وەڵامی ئامادەکراوی پێ لەبەردەکات) ئا لەرەوایە، بەرهەمهێنانی مرۆڤی مشخۆر و پاسیڤ و دروستکردنی گاوان و مەگەلەک بە دەستات، کە هەرچەنەکی بوەت لەیان دەخوەت.
فەرگەو پەروەردە کارگەی بە بەهاکردنی مرۆڤ و خەساندنی تواناکانی مرۆڤ، فەرگە هەزە خودیکانی مرۆڤی کارا دەچەپێنە، مرۆڤ لە کارخانەکانی پەروەدەدا وەکو ماتیاڵی خاو، دەبەتە ئوبکتی بەرهەمهاتوو، لەقاڵب دەرەت. (مامستا) لەگەڵی فەرکردنەوە تایپەک لەمرۆڤی کارا دەگەڵەت بە مرۆڤی پاسیڤ و کارلێکراو. تاک وەکو سوژێیەکی ئاگا بەشدارنابەت لەپڕۆسەی فەرکاری و بەرهەمهێنانەوەی خێدا، بەکو دەبەتە ئوبکتیی فەرگەو، توانای ئامان و تێفکرینی لە و پڕۆسەیدا لەقاڵب دەدرەت و دەبەتە تایپەک لە مرۆڤی ئامکراو لاسایی کەرەوە. ئەوە تاک نیە ئادەمێنی و گومان لەئاستی شتەکان دەکات، بەکو تاک بەپڕۆسەیەکی لەسەرخەدا ئادەهێنرەت لەسەر لەبەرکردنی وەڵامە ئامادەکان. فەرگە پێمان دەڵەت؛ تە مافی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن نیە، بەکو ئەمە پێت دەڵێن چۆن بیربکەیتەوەو چی بڵێتەوە. فەرگە دەزگایەکی کوشندەیە کە خزمەتی سیستەم دەکات، بە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی ئامکراو و گوێایە.

کاتێک گەرانی بە ناخی ڕەحتدا ڕەدەچێتە خوارەو.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

مرۆڤ لە بوونی خێدا چەندین زمانی جەراوجەری بە گوزاشت لە خەکردن و دەربەینی هەستە شاراوەکانی خۆقاندووە، لە چرکەساتێکدا مرۆڤ لە بەردەم ژانێکدا بە چەکدا دەت یان لە بەرامبەر خۆشەویستەکێدا بەتە پارچەیەک لە کریستاڵ تەنیا دەتوانێت بە شەوە و ریتمەکی مۆسیقیانە بئاخڤێت، زەر جار مرۆڤ هەست و وشە پێنگخواردووەکانی بە

سینتاکسی پ چژ و ب فرمکی شیعرییانە دەردەبڕێت، ڕەنگبێ هەر ئەوەش بووبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆرانی وەک ڕەگەزێکی گرنگی هونەر. گۆرانی کوردیی کە بەشکە لە کولتوور و ڕۆشنبیریی ئێم نەتەوەیە ئەگەر نەڵێین لە شێوە فۆلکلۆرەکەیدا لەگەڵ لە دایکبوونیدا هەبووە ئەوا سەرهەڵدانی گۆرانی کوردیی نەکەوتۆتە کاتێکی درەنگی دوای وجودی کورد وەک نەتەوەیەک لە دیرکدا. زۆربەی جاران هۆندەی گۆرانییەک یان پارچە موزیکایەک کاریگەریی هەیە لەسەر مرۆڤ ڕەنگبێ شەشەک ئەوەندە کاریگەر نەبێ، یان کاریگەریی شەشەک بە هۆی چەند گۆرانییەکەوە بێت.
لە یادمە لە ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 سروودکانی هونەرمەند (ناسری ڕەزازی) وەک شۆڕشێکی ئازادیی لە ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە تەنانەت دەروونی منداڵانیشی دەهەژاند، منەک کە نەمدەتوانی چەکدار بم و وەک پێشمەرگەیەک ڕەڵ ببینم، ئەو سروودانە نیگەرانیان لەلا دروست کردبووم، چوونکە کەفوکۆی دەروونم تەنیا بە هەڵمەت بردن و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران دادەمرکایەوە. بێش بە حاڵی خۆم لە بواری هونەردا ئەوەندەی بە گۆرانی کاریگەرم و ئاوەزانم لەگەڵیدا هیچ کات (شانە- شۆکاریی) هەندێ پەلکێشیان نەکردووم بە لای خۆیاندا (بەبێ ئەوەی لە بایەخی ئەو دوو لایەنە گرنگەی هونەر کەم بکەمەوە) هەر بۆیە ئێم چەند دێڕە لە بارەمبەر گۆرانی کوردیی و هونەرمەندانەدا ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە زۆرەیە.

حەسەن زیرەک

کاتێک گوآ لە گۆرانییەکانی (حەسەن زیرەک) دەگرم دەم پ دەبێت لە ئیرەسییەت و غەریزەی ژیاندۆستی هوژمم بە دەنێت و کەتم دەکات لەناو خۆیدا، گۆرانییەکانی حەسەن ئەوەندە کاریگەرن مەحاڵە گوێم لە یەکێکیان بێت تەنانەت لەناو ئاپۆرای دۆیان هەزار کەسیشدا بێت ئیستێکم پ نەگرێت و نەمخاتە دنیای جوانیپەرسی و ئەویندارییەوە (بە مانای ڕووتی وشەکە)، بە ڕاستی (حەسەن زیرەک) موعجیزەی هونەری کوردییە و گەورەترین سیناتەری ئیمپراتۆریای هونەری گۆرانی کوردییە.

عەلی مەردان

کاتێک گوێ ڕادێرم بە (عەلی مەردان) دەچمە نەو دنیای خۆیەوە و لە فەنتازیاکانی خۆمدا نووقم دەبم و بە فلاشباگ گەشتێک بە ڕابردوودی خۆمدا دەکەم، وای لێکردووم تا سەر مەخ نوستالیژی بم و پابەندبم بە ڕابردووەوە. عەلی مەردان بە چریکەی بولبول ئاسای کەشکی قورس دەخاتە سەر مەشکت و کەنترۆڵی دەکات!، لە ئاوها حاڵەتێکیشدا ناتوانی چ کاردانەوەیەکت هەبێت جگە لە ڕامان لە پیاوێکی ناسکی،

دە بریندارى وەک خۆى.

ناسرى ڕەزازى

ئەو دەقیقەیەى ڕەزازى بە دەنگى زوڵاڵ و شەشگەڵانەى لە بەردەم گەرانى یان سروودەکى خۆیدا رامدەگرت، ئیدى ستەملێکراویى نەتەوەیەک و ئێش و ئازار و ناسەرکانى جارێکى تر دەخاتەوە ناو زاکیرەم و بەردەوامى پەدەبەخشێت لە چینى یادەوەرییەکانمدا، ئەو کاتەى سروودەکانى لە دەت دەدەن دەبیتە منداڵێکى ئێنفالکراو کە لەگەڵ حەشامات و کاروانى ئێنفال بە زیلێکى سەربازیى بەعس بەرەو نوگرە سەلمانت دەبەن و لەوێ عەرەبەر چاوەڕێیە بە خەوێکى هەتا هەتایى لە ژێر لمى بیابانداً.

نەجمەدین غوڵامى

سەزى دەنگ و دەربەینى نەجمەى غوڵامى تنۆک تنۆک فرمێسک بە چاوانماندا دەنێتە خوارێ، گەرانى (پایز پایز) بیرى هەوەرینى گوڵکان و فەینى جاویدانى پەروانەکان و کەچى ناوادەى ئازیزانم دەخاتەوە، دەمباتەوە بە گازینەى شەعب تا لەگەڵ شاعیرى پایز و گۆرانبێژان (محەمەد عومەر عوسمان) پیاڵەیەکى دى چا بخەینەوە و دواتر لە پەنا بە بادانى سیگارەکەماندا بڕەو ماڵ ملى ڕێگە بگرینە بەر. غوڵامى سوکنایى بە دڵدا دەهێنێت و زەر جاریش لە خەکوشتن ژیوانم دەکاتەوە و بە بزەى گەرانى (خانومان) دەمباتەوە نەو دنیاى بەرائەت و عیشق و پەم دەڵێت هەشتا ژیان بایى ئەوەندەى پەوە ماوە ئافرەت یان هەر شتێکى دیکەت تێیدا خوشبووەت.

عەدنان کەریم

بەیانیان کاتێک لە خەو را دەبم و بەر لەوەى دەموچاوم بشۆم گوێم لێیە باوکم بە دیار گەرانییەکى (عەدنان کەریم)ەوە سیگار دەکێشێت و دەست دەهێنێت بە قژە ماش و برنجییەکەى خۆیدا و نوقمى دەریاى خەیاڵ بووە، ئیدى (عەدنان) بەم جۆرە دەتە بەردەم دەرگاى دە و ناچارت دەکات دەروازەى کەمدراوى لەبکەیتەوە، بەم جۆرە عەدنان وەک شنەبایەکى فێنک خۆى دەکات بە دەروونتدا و دەیکاتە هەڵانەى خۆى و ئەوسا لە سەردەمى ونبوونى گەرانى کوردیدا بووپەى ڕەسنایەتییەوە لەگەڵ ڕەحت دەدەت و پەت دەڵێت یەکەم و دواکارى ئەمەت تەنیا خەشویستى و پیاسەیەکى لاى ئەوارانە لەگەڵ دلبەرەکدا، ئەو بە ڕەحى نالى و وەفایى و مەحویەوە لەگەڵتدایە و هیچ کامیشیان نیە.! ئەو نالى نیە بەڵام (عەدنان کەریم)ە.

مەزهەرى خالیقى

تا ئێستا نازانم بۆچى هەندە خووم بە گەرانییەکانى (خالیقى)یەوە گرتووە. بە ئەوەى بتوانم بەسەریدا زاڵ بم هەگرى ئەو سۆز و دەنگە پە لە هەستەم. هەر کە گەرانییەکى (خالیقى) هات، تەرکیزى هەموو

بیرکردنەوە و تێنانت هەموو نیگاکانیش لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، سیحری ئەو دەنگە ئەوەیە هەرچەند گوێی بە رادیۆیەکی بە موبالەغەی نازانم بێم یەک جار ژیان کەم بە ئەوەی بتوانی تینوێتیت لە کانیاوی چریکەی خالیقی بشکێنیت. تەنیا یەک ژیان کەم لەگەڵ ئەو هەستە ناسکە ئاە هەڵبکێشی، تەنیا یەک جار ژیان کەم بە ئەوەی بتوانی بە تەواوەتی تێرکیز و بیرکردنەوەت ڕەبچیتە نەو دنیای ئەفسانەیی خالیقی.

دیاری قەرەداغی

ئەی لەو نەگبەتییەی کەسەک (دیاری قەرەداغی) خۆی دەکات بە ژیانیدا، ئەو کاتەک گەرانی دەچێت ئەز ئارەزووی کوشتن یان ئازاردانی دەکەم! ئاخر ئەو سەرتاپای ژیانمی کردە ئازار، ئەو گەرانییەک دەچێت ڕەحت هەپرون دەکات؟ وشەکانی حەلاج و مەعبەد وەک گواڵو بەسەردا دەپژێنێت، ئەو پێت دەڵێت ئەم نیشتمانە سوتماکە سەر لەبەری برین و ژان و دەردداریە، ئەو شەو نایەوێت بخەویت چوونکە پێت دەڵێت ئەی کوێی ئەم نیشتمانە تە (پاڵەوانەکی بە شمشێری)ت، پێت دەڵێت تە شەڕە بەفرینەیت، ئەو بانگەوازی ڕابوون دەکات کەچی هەر خۆی حەقیقەتە تاڵەکان وەک گوللە دەنێت بەسەر سینگتەوە، دیاری فڕی کردین خاک چ بەنەکی هەیە، نیشتمان چ ئازارەکی هەیە، ژیان چ ڕەنگەکی هەیە، ئەو فەرمان دەکات غروب و ئاوابوونی خەر و کەچی باڵندەکان تەفسیر بکەین.

کەمال محەمەد

سەزی دەنگی کەمال ئاوازەکی غەریبە لە ئاسمانەوە هاتووە تاکو خەمەکانی سەر زەوی ڕابژێنێت. ئەو لە یەک کاتدا گەرانی بە عیشق و بە ئازادیی دەچێت. لەنەو ئەو هەموو دەنگە لەکچووەدا سەدایەکی جودایە و غوربەت و تەکشکان و هەرەسی خەونەکانمان بە دەگەڕێتەوە. دەنگەکی مەحزون، بەڵام پڕ لە ژیان، دەنگەکی پڕ لە ژیان، بەڵام نائومێد. گەرانییەکانی هەر یەکەیان خەیان قەسیدەیەکی غەمگینن، هەنسکەکانمان دەچڕن، فرمێسکی وشک نەبووی چاوەکانمان دەسڕن. بە قەدەر بەهیوایییەکان ئومێدمان پێدەدەن، بە قەدەر هەموو ئومێدەکانیش پەمان دەکەن لە گوومانی بە هیوایی. گەرانییەکانی جیاوازترن لە گەرانی هەموو کەسی تر، کەوەکە قاسپەی لە هیچ کەوەکی تری سەر ئەم زەمینە ناچێت، وەک وتم ئەو نوێنەری هەسارەیەکی تر لەسەر زەوی.

خالید ڕەشید

خالید ڕەشید وەک دیاردەیەک لە بەردەمتدا دەتەقێتەوە، لە تاراوگەکەیدا لە سەزی نیشتمانەکەیدا هەدی هەدی دەتوێتەوە، مانیفێستی غەریبان وەک سەمفۆنیایەک بە گوماندا دەدا و غەمەکانی

تاراوگە و ژیانی غەریبی بە حنجە کردین، کاتێک خۆی و عودەکەی گەرانی (بوکی ئەوارە) بە دەت ئاستە دەکات، ئیدی هەروەک قەدەر پێتەوە دەلکێت و پێت دەڵێت ئەمە چارەنووستە و ناتوانیت لەم گەرانییە قووتار بیت، ئەو گەرانی کوردیی بە رەنگ و بۆن و تامی خۆیەوە دەبژێت و قسە لەگەڵ رەحی کوردیت دەکات، فەری کردین بوکی ئەوارە و نیشتمان و رەسەنایەتی ئەم گەلەمان خۆشبوێت، گەرانییەکانی مەحکومی کردین دەزخی وەاتمان لێ بەهەشتی مەنفا لا شیرینتر بێت و تاڵاوی نیشتمان لێ دەمماندا وەک هەنگوین بێت.

بەهجەت یەحیا

هەر دەنگی (بەهجەت) دەگاتێ گوێت، خەت دەبینی لە کەی دەروشاندا چۆن زیکر و عەشقی یار دەبێتە هەموو ژیانت، فەرت دەکات چلۆن لێ بردەم مەعشوقدا وەک مەم بسووتێیت (ئەو فەری سووتانمان دەکات)، بە گەرانییەکانی دەتباتەوە بە سەر کانیاوە رووناکان و پێت دەڵێت فەرموو پێ بە کامی دڵت تێری لێ بخڕەوە، دەتگەنێتەوە بە ئاوپێی پاکیی و ئاونێیەک دەداتە دەستت بە ئاوی پاکێتی خۆتی تیا وەدیبکەیت. (بەهجەت) ناینی عاشقان و رێگای سەختی ئاقیندارییە و فەینی دیدالوسیانە و سەرکەشی پرەمیسیەست بیر دەخاتەوە، پێت دەڵێت بە ئاوی بتوانی عاشق بیت پێویستە وەک پرەمیسیەس یاخی و سەرچە و لەوشاوە بیت، بە ئاوی بتوانیت لە مەعشوقەکەتدا فەنا بیت دەبێتە وەک (ستەقانی دیدالیەس) بتوانی بفەیت!!. بەهجەت وانەکانی عیشق راقە دەکات و بێت شرۆڤە دەکات بۆچی شێخی سەنعان بە کچی دیان لێ دینەکەی وەرگەڕا؟، پێت دەڵێت بۆچی نالی هەندە عاشقی حەبیبە بووە؟ بۆچی مەولەوی خۆی لە عیشقی عەنبەر خاتوونەدا ون کردبوو؟ بەهجەت ناچار دەکات لە دوای گوێگرتن لەی بچی یەک دوو جام مەی بنۆشی تا بتوانیت ئامادەیی وەربگریت بە ئاو فەین و عیشقە قورسەی وی باسی دەکات.

کەریم کابان

هەر (کابان) بە رەحە گەنجەکیەوە هاتە مالی رەحتەوە، دەبێت دەست لە دنیا بشۆیت و بە دوای دنیایەکی یەتەپی بگەڕێی کە لەوانلەوە لە سەز و میهرەبانی، رەگات نیشان دەدات مەملەکەتی عیشق و ئاقین بدەزیەوە، دەتباتەوە سەر سەرچاوەکانی دە و پێت دەڵێت فەرموو جێگای مرۆڤ و ژیان و هەموو بوونەوەران لەم دەڵێ بچووکەتدا بکەوە، پێت دەڵێت وەک عیسای مەسیح ژیانت لە پێناوی ئەوانی تردا خۆشبووێت، دەتنەرێتەوە بە رابردوویەکی دووری بگەڕد تاکو لە پێنا مەلای جزیری یان وەلی دەوانە عاشقی کچە کوردی نازدار بیت، ئەو مەبەستیەتی پێت بڵێت هەر چەندە جەستە پیر و لاواز دەبێت، بەڵام دە شتەکە نە پیر دەبێت و نە لاوازیی دەناسێت، دە هەر بە گەنجی

دەمنتەوە، عیشقیش هەر عیشقە چ لە لاوی یان پیریدا بێت. ئەوەش پارچە شیعرەکەی "فرانسواز ساگان"م وەبیر دەخاتەوە:
انت كنت في العشرين تستطيع ان تحب
وانت كنت في الثمانين تستطيع ان تحب
هناك دائما مناسبة لأشتعال البرق
کەریم کابان.. پێت دەڵێت دەروازەکانی ژیان جگە لە جوانی و ئافرێت و ئەوینداریی هەموو کەم دراون، پەویستە بە پێینەوە لە ناهەمواریيەکانی ژیان بە دەرگای عیشق و سووتانی رەحتدا تێپەڕیت.
دوا وشە
نەمتوانی ئەم چەند دێڕە کە کاریگەریی گرانی هونەرمەندانی ناوبراون لە دە و دەروونمدا بەرهەمی هێنا بوو لە دڵی بچووکمدا جێگەی بە بکەموە، ئەمەش ناچاری کردم دەست بدەمە خامە و ئیحساسی خەم بخەمە بەردەمی خەڵکی تریش. بۆیە ئەم بابەتە لەکەینەوە نییە بە قەدەر ئەوەی پێخانەکی سادەیە.

هاوینی 2004
ستۆکهۆڵم – سوێدا

ئازادی و فەزای ئاوەڵای سیاسی لە کوردستان.. نادر عەبدولحەمید

سەرکوتگەری هێزەکانی پێکهێنەری دەسەڵات و هەڵکخراو لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لە هەوڵندکی هەڵکشاندایە، نەک هەر لە چەند مانگ و چەند ساڵی ڕابردوودا، بەڵکو بەدرێژایی دەسەڵاتدارێتی هەردوو حزبی قەومی "پارتی" و "یەکیەتی" و ئیدارەی جیای هەولێر و سلێمانی و حکومەتی هاوبەش و بنکەفراوانیشیان بەبەشداری حزبە قەومی و ئیسلامیەکانی تریش.
ئەم هەوڵندە لە ساڵانی نەوەتەکاندا نەک هەر بە شێوەی ناوخۆ و کوشتوکوشتاری ناپاوەوو لە هێزەکانی یەکتر و هێنانی سوپای پاسدارانی ئێرانی لە (ناوەڕاستی ئابی ١٩٩٦) و سوپای ژەمی بەعس

لە (٣١ ئابی ١٩٩٦) و سوپای تورکیا لە (ناوەڕاستی ئایاری ١٩٩٧)ەوە بۆ کوردستان دەستی پێکرد، بەڵکو بەرلەوەش هەر لە (١٩٩٢) بەدواوەو بە تۆڕی بێپەردەی هەسوڕاوانی سیاسی دەستی پێکردبوو (لە: حزبی شیوعی عێراقی، زەحمەتکێشان، ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕەوتی کۆمۆنیست، حزبی کار، پێکەکە، ...) و تێکشکاندنی ئەو ڕەنجخراوە جەماوەریانەی کە لەسەرەتای شکێگیریدا بوون لە نەوەتەکانی سەدەی بیستدا.
هەریەک لەو دوو حزبە سەرەتا کەوتبوونە پاکتاوکردنی سیاسی ناوچەی "زەرد" و"سەوز"ی ژێر نفوزی خۆیان، دوای ئەنجامدانی ئەم "ئەرکە"یان ئینجا دواتر کەوتنە گیانی یەکتری بە بوون بە سوڕەی بەرلەشکری وەاتە فاشیست و دیکتاتۆرەکانی ناوچە.
بەجیا لەوەی کە بەینبەینە شل و نەرمیەک هاوڕای ئەو سەرکوتگەرییە بووبێ، بەتایبەت لە چەند ساڵێکی کەمی دوای ڕوخانی ژێمی بەعس لە (٢٠٠٣) بەدواوە، بەڵام لە ئۆگەستی (٢٠٠٦)وە بە سەرکوتی خێپشاندانەکانی سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری هاتوە ڕەواڵی نەمامێی پە زەبروزەنگی خێ و خوێنڕشتنەکانیان دەستی پێکردوە (لە: ١٧ شوباتی ٢٠١١، ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ و دەسەمبەری ٢٠١٨)دا.
گەرچی سەرکوت و تەنگپەهەڵچنین و تۆڕی ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران بەدرێژایی ئەم دەساڵەتە هەربەردەوام بووە بە ڕادەگرتن لە ئاشکراکردنی گەندەڵی و تاوانێکانی دەسەڵات، بەڵام لە دوای (٢٠٠٦)ەوە تا ئێستا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو، بەڕادەیەک ئۆگەر لە ژێرەوە تۆڕ نەکرێن وەک (سەرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، ویداد و ...) ئەوا بە ئاشکرا بەناوی دادگا و یاساوە دەستگیر دەکرێن و حوکمی سەنگینیان بەسەردا دەسەپێنن، وەک لە ئێستا لە کەسی گیراوەکانی دەڤەری بادینان و بەناو دادگاکردنیاندا دەردەکەوێت.
ئەم ڕەوتەدە لە هەڵکشانی سەرکوتگەری و خوێنڕێژی و دەمکوتکردن، هاوڕای پەرەسەندنێکی زۆر خێرای سەرمایەداری بووە لە کوردستاندا، کە تۆڕگەلێکی سەرمایەدار؛ لە ملیاردێر و ملیۆنێر، لە بازرگانانی دەرەکی و بەڕێوەبەران و خاوەن کۆمپانیا و پڕۆژە ئابوریەکان، ... بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەردویەک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و پەرلەمانتاران و خاوەنانی پێست و پلەی باڵا لە پیاوانی ئایینی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و ئەو بانگەوازخوازە دینیانەی بەهرەمەندن لە گەندەڵیەکانی دەسەڵات.
ئەو مەکتەب سیاسی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆگانەکانی سەرکردایەتییان و بنەماڵە دەستڕێشتووەکانی ناویان، بریتیە لە

هاوئاهەنگکردنی بەرژوەندیە ئابووری و ستراتیژیەکانی ئەو چینە سەرمایەدارییە لە کوردستاندا، ئەمە جگە لەوەی کە خودی ئەو ئەگانە سیاسیانە و ئەو بنەماانە خۆشیان لە ملیاردێرەکانی کوردستان و خاوەنانی پڕۆژە هەر گەورە و زەبەلاحەکانن بەتایبەت لە بواری نەوت و گاز و پاڵاوگەکانی بەنزین و خانوبەرەسازی و بازرگانی دەرەکی و قاچاخی خاو گومرگیەکاندا، وە زوربەی ئەو بوارانەیان بە خۆیان قەرخ کردوە.

بەم پێیە ئەمە سەرمایەی مۆنۆپۆلە کە هەم دەسەڵاتدارە و هەم سەرمایەداری کوردستان، پێیوەندی بەشە جواروجۆرەکانی سەرمایە و توێژە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی بەپێی بەرژوەندیەکانی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و بڕیاردەبات. دیارە ئەمەش ناڕازایەتی بەشێک لە سەرمایەدارانی هەناوەتئاراوە کە لەو ئازادیە بە مانایەک موتەقەی توێژی مۆنۆپۆڵ بەهرەمەند نین لە وەبەرهێنان و کڕینی سەرمایەدا.

پێیوەندی ئەم سەرکوتگەریە زۆر ڕون و ئاشکرا دیارە بە بنەمای ئابووری سەرمایەدارانەی هەرەمەکە و ناوەندەکی چینایەتی بوژوازیانەی ئەم دەسەڵاتەوە کە لێئارادایە. ئەمە پێداویستی ئەم سیستەمە ئابوریە نیولیبەرالیزمە و سەقامگیرکردنی ئەم دەسەڵاتە چینایەتیە و مسۆگەرکردنی ئیمتیازاتە ئابووری و سیاسیەکانیەتی کە ئەم دەمکوتکردن و سەرکوتگەری و خوێنڕژیەی کردەتە دیاردەیەکی ئاسایی ئەم کۆمەڵگەیە.

بەدواداچوون و شیکاری بە ئەم مەسەلەیە شوێنی باسی ئێستامان نیە، ئەوەی جگە مەبەستمانە لێرەدا، ئەوەیە کە ئەم هەڵکشانی سەرکوتگەریە بەو مانایە نیە هەرەمی کوردستانی عێراق کۆمەڵگەیەکی دامەزراوەیی یاسایی بووبێت لە ماوەی نزیک بە سی (۳۰) ساڵی ڕابردووەدا و دەسەڵاتەکەی خۆریکی وەلانانی دامەزراوە یاسایەکان و هەڵپەچانی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان بێت.

ئەو بە ئازادی و مافانەی کە خەڵکی کوردستانی عێراق لەی بەهرەمەند بوون بەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (۱۹۹۱) و کشانەوەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعس، ئاکامی بەشایی سیاسی و ئەو فەزا ئاوەڵا سیاسیە بووە کە کوردستان بەخۆیەوە بینیوە. مێژووی سیاسی هێز و حزبە جۆراوجۆرەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی، مێژووی بەرتەسکردنەوە و هەڵپەچانی هەرچی خەڵکە و زوتری ئەم فەزا ئاوەڵا سیاسیە بووە کە ئازادیەکانی خەڵکی تیا هاتەتئاراوە.

چ لە ڕۆگەی شەڕ و پێکدادانی چەکداری نێوان حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و ئیسلامی سیاسیەوە، وە چ لەڕۆگەی حکومەتی هاوبەش و

بنکەفراوانیانەوە بووبەت ئەم هێوانەدە لە تەنگەبەرکردنەوە و هەڕەچانی فەزای ئاوەڵای سیاسی بەرەو پێش براوە.
ئەگەر ناسیونالیزمی کورد، وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بورژوازی، لەسەردەستی "پارتی" یا "یەکێتی"، بیتوانیایە لە کوردستانی عێراقدا کەتایی بە ناتەبایی نێزکانی بەنەت و هەرەمەکە بکاتە ئیدارەیەکی سیاسی یەکگرتوو، ئەوا ئەو نمونەیە لە خەڤڤان و سەرکوت کە ئەمڕۆ لە شار و شارۆچکەکانی دەڤەری بادینان دەیبینین لە هەموو گۆشە و کەنارەکی ئەم هەرەمەدا پیادە دەکرا.
ناسەقامگیری دەسەڵاتی سیاسی بورژوا ناسیونالیستی کورد، وەک فاکتەک بەدەوری خۆی، هێگەی نەداوە ئەو فەزا ئاوەڵا سیاسیە لێگەڕ هەموو بەرتەسککردنەوەیەکیشدا، بەزوویی و بەخەرایی هەڵپەچڕەت، دەنا خودی ناوەڕۆکی سیاسی ئەو بزوتنەوەیە لەووی فاکتی مڕۆوییەوە سەرکوتی سیاسی و فکری هەر جۆرە موخالیفەک هەتا لەناو خێزکانی خێیشدا بووە. ئەم ناوەڕۆک و ئەم مڕۆوە "درەخشانە"ش لە سەرکوتی سیاسی زەر هاوئاهەنگ و لەبارە و هێکەدەتەوە لێگەڕ پەداویستیەکانی کەڵەکەی سەرمایە و بەرژەوەندیەکانی بورژوازی لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری وەکو کوردستاندا.
هێخنەی بورژوا ناسیونالیستی لیبڕاڵ لە دەسەڵاتی ئێستای هەرەمەکە، لەناو خودی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و لەسەر هەمان بنەمای ئابوری و سیستمی نیولیبرالیەوە دەستپەدەکات و خۆی وا نیشاندەدات کە لە هەوەدایە بەدیلەکی سیاسی شکە پەبدات ئازادی و مافەکان و خۆشبژەوی ئابوری بە هاوەاتیانی کوردستانی عێراق دەستەبەر بکات. ئەمەش دووجار ئێستەم، چونکە نە بزوتنەوەکە ئەوەی لەبارداید و نە پیداویستیەکانی کەڵەکەی سەرمایە و بەرژەوەندیەکانی بورژوازیش ئەوە دەخوازێت، بە پێچەوانەوە داسەپاندنی بەبەشی و برسیەتیەکی هەرچی زیاتر و بەمافیەکی هەرچی زەرتر دەخوازێت، کە ئەمەش واتا سەرکوتی سیاسی و فکری و هێواجدان بە خوافاتی دینی و دەمارگیری قەومی.
ئەو شکەگرتن و پەرەداربوونی بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی کرێکاری و حزبی بەهێز لە دەرونی کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا کە لە هەنگاوی یەکەمیدا دەتوانێ ئەو بەڵە ئازادی و مافانەی کە لە فەزای ئاوەڵای سیاسیەوە پاشکەوت بوون، پەرێیان پەبدات و دایانسپێنێت بەسەر دەسەڵاتی بورژوازیدا، وە لە پەرەسەندنی خودی ئەو بزوتنەوەیەشدا، وەک بزوتنەوەیەکی سەراسەری کە سنوری هەردوو زانی "زەرد" و "سەوز" دەبەێت، دەتوانێت پاشکۆیەکی جدی بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و ئیسلامی سیاسی بکات لە هەرەمەکەدا و کەتایی بەدەسەڵاتیان بهێنێ و کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووی دابشنەبوو بەسەر چەند زانی هێنگاونگدا و لە ژێر دەسەڵاتی جەماوەری هێکخراو لە شەراکاندا

شکۆپەبدات.
هەر ئەم پێسیشە کە لەناوەڕۆک و لە سیاستە عەملیەکانیدا، وە هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیەوە، خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی کوردستان گرێدداتەوە بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی عێراق و بەشدار دەبێت لە وەرخستنی بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی و حزبی بەهێز لە سەراسەری عێراقدا بە جەنگ دژی دەسەڵاتی بورژوازی ناوەند.
٢٠٢١-٥-١٦
تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە ١٢ی ڕۆژنامەی (ڕووت) مانگی ئایاری ٢٠٢١، چاپی وەرەق لە کوردستان بڵاوبۆتەوە.

دوایین غەزەلی مائاوایی..
شیعر: ستیڤان شەمزینی

من کە بە خەندەیەک ئەمرم
تۆ بە بە فرمێسک ئەمکوژی؟
من کە بە شەوقی مەمەک ئەمرم
بە لە تاریکترین شەودا ئەمکوژی؟
من کە بە تیشکی هەتاو ئەمرم
بە بەشاردنەوەی مانگی تابان ئەمکوژی؟
من کە بە وشەیەکی زبر ئەمرم
تۆ بە بە قاموسەک لە دەڤەقی ئەمکوژی؟
من کە بە مشتە ئاو ئەمرم
بە بە تینوەتی لە سەحرای دەتا ئەمکوژی؟
من کە بە پەی باڵی فریشتەیەک ئەمرم
بە بە چەقۆی کولی ئەهریمەن ئەمکوژی؟
من کە بە خونکی کریستاڵی ئەمرم
تۆ بە لە بەتەی کابووسدا ئەمکوژی؟
من کە بە نیگایەکی گەرم ئەمرم
تۆ بە لە بەستەکی غەریبیدا ئەمکوژی؟
من کە لەنو حەشاماتی خەڵکدا ئەمرم
بە لە کونجی تەنیاییدا ئەمکوژی؟

من کە لە ساتی تەماشای پەلکەزێرینەدا ئەمرم
بۆ بە هەورە بروسکەی دابەان ئەمکوژی؟
من کە بە تنۆکێک باران ئەمرم
تۆ بۆ بە رەهێڵ و بەران ئەمکوژی؟
من کە بە دەنگی ناسکی موزیک ئەمرم
بۆ بە ژاوەژاوی دەمی رەیشتن ئەمکوژی؟
من کە بە گەرانییەکی شاد ئەمرم
تۆ بۆ بە سروودی دڵتەنگیی ئەمکوژی؟
من کە بە شەکراوی ماچێک ئەمرم
تۆ بۆ بە قاوەی تاڵی تووڕەیی ئەمکوژی؟
من کە بە دڵۆپێک ئاوی چاوەکانت ئەمرم
بۆ لە نەو ئاگردانی بەزاریدا ئەمکوژی؟
من کە بە شیعرێکی ڕۆمانتیک ئەمرم
تۆ بۆ بە قەسیدەی فیراق ئەمکوژی؟
من کە لەنەو تەمی یادەوەرییدا ئەمرم
تۆ بۆ بە گریانی ئایندە ئەمکوژی؟
من کە لە پەناوی جوانیتدا ئەمرم
تۆ بۆ لە مەنفای هەستەکانتا ئەمکوژی؟
من کە بە چرکەیەک خۆشی لەگەڵتا ئەمرم
بۆ لە دڕیاچەی غەم و ناسەردا ئەمکوژی؟
من کە بە شنەبایەکی ڕۆژهەڵات ئەمرم
تۆ بۆ بە گە و دوکەڵی باشوور ئەمکوژی؟
من کە بە دیدارێکت لە کەانی پەروانەکان ئەمرم
تۆ بۆ بە خنکاندنی ئارەزووەکانم ئەمکوژی؟
من کە لە دەمی نووسینی چامەی عەشقا ئەمرم
تۆ بۆ بە دواین غەزەلی ماڵئاوایی ئەمکوژی؟

ئەڵمانیا – کەڵن
کەنار رووباری راین – یونی 2017

گشتێک بە ئەندێشەتا.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

تەنها تیشکێک لە تۆ،
بەسە تا تاریکی گەردوون…
بکاتە خەرستان!
.....
ئەنگاوە هەور،
مزگێنی لە پەی هاتنەکە،،
پردێک، لە شۆنمی مەست،
ئەی ئەفسوونمە ..
بەرەو ئەو شارانەی..
نەوان خەونێک .. و..
ئەستێرەیەک لەت دوورن!..
.....
مەیخانەیەکئی بەندی عاشقتە!
دارستانە مەستەکان..
بە خەیاڵی سیمایەکی تەپەبووت~!
چی کەنارێک ، ئەمشۆ …
دە ئەگرتە خەی،،!؟
چی ئەگەیەک لە تەم،،
ئوخساری وونت بکاتە نوور!؟
.....
باخێک جگە لە مەڵێک،
هیچی تر شک نابا…
پەیامە کانی جوانی ساتە وەختەکی..
لەدەستچووی پەبنەرە،،
داستانی خەیاڵی شۆنەک،،،
جگە لە ئەبوارەکیش، لە لم ،،
نایتوستەوە، فەرهەنگە،،،
لەشیعری نمە!
.....
لە شۆنەکا،،،
بەردێک وەک نیازەکان،،
زەردەمەکە، ناگاتە جێ!

کورسیەک لە نێوان هاتن…و..
و نەهاتنی ئێوا،،
تا نەمری..
لە بەدەنگیدا، جە ماوە!
.……
چاوەڕێتم!
هەر وەک پرسیارێک،
لە پەرداخێک وەڵاما،
قەتیسمابێ،،!
.……
هەموو بەیارەکان ..
لە نێوان چوون و نەچوونا،
خەشبەختیەکی گەهاـ
نێوان مەرگێکی وویستراو..
..و..
مەستبوون بە عیشقێکی تر! ،،
……
لە باخچەیەک لە سەرابا،،
وەک بریندارکانی جەستەی با،
بەزامن ، دەنگی زەنگی ..
گوڵە هەڵاڵە خونناویەکانی لەوت!
.……
هەموو ئێو هیوایانەش،،
لەسەر هاتنی بەلەمێک،،
بە گوێ و کازیوێ و گەلاسی پەمەیی ئەڤینێکی کەمتەمەن،،،
هەمان چنی ، هەر نەگەیشتەجێ..
بەهام ، با پێکە شرابی ..
نەمریەکی تر، لە سەمایەکا، ،،
لە ژێر پروشە ئەڤینی پایزەکی درەنگ!
یان گەحسوتانەکی خەشبەخت،،
وەک سەمای کچی ئاگر،،
لەسەر کەناری ئەرخەوانی ئەندەشەیەکی تر!
.……

..……
وەنەکە کارەکی هونەری فەتگرافەر
(.Jilan. K.O)

بۆ سوپاسنامەی لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە

خۆنەم چۆن زیتوونەکە.. ستار ئەحمەد

چۆی زیتوونەك لادەم گیربوو
زامەك چوون نیگات
لەرحما شین بوو
بە یە لەتیلەی دیدەی تۆ
لەرەنگەکان دەوانم
شەپەلەکان شی دەکەمەوە
کەچمکی وشیەك دەگرم
دەبمە شیعرەکی کەسك و
لەجوانیتا دەتوەمەوە
هەناسەی گوڵەك
سەبەرت ماچ دەکا
بولبولەك بەسەر تەرمی وەرینەوە
دەتکەن بژوانگەی هەلەك
دەست دەخەیتە
تابلەی مەرگی ئەوینەوە
شەوانە
حەز بەماچی لاسکت دەکەم
حەز بەمژینی چرت و
بژنی نەشاوی
شاگوڵەای کەسکت دەکەم
من دەسووتەم
بە ئەوەی تە
زیاتر زیاتر باڵا بکەی
توندتر بەنەو رەحما بچی
زەر راماوم
نازانم بە
لەلوتکەی بەندی خۆن و

دژ.. فڕێدووون سامان

سەرتامان
کۆتایی بوو
کۆتاییەکانیش، سەرتای دیکەن
پێیناوە
گەشتی مەحاڵ،
خڕڕەمێش
خوونکانی بە یەک گەیشتن،
نەوانمان دەریایەکی قووڵی حەسرەت
پردەکی ئاگرین.

منم بارستەیەک خوێن
تەپڕڕەک خڕڕەمێش
تەرمەکی بە سەرو شوێن،

من لە بەرکانی جەنگیشدا نیم
ڕۆژانە سات بە ساتی ژینی پە ئازارم
دەکوژرەم،
بە مەرگکی دیکە زیندوو دەبمەوە
لە نەو کوانووی ئاگەیشدا نیم
دەسووتەم
دەبمە تەپڕڕەک خڕڕەمێش
بە ئازاری شەوانکی دی دادەیسەمەوە،
بە پەتی سەدارەش هەڵنەواسراوم
دەخنکەم
زیندە بەچاڵ دەبم
وەنەی تەرمەکی بە سەرو شوێن.

من لە ژێر چەتری کاغەزی شیعرکانمدا
لەبەر وروژمی تەفانی نائومێدی
گەردەلوولی خڕڕاوی نامەیی..

ماڵچکەیەکم بنیات ناوە
رازی گوڵکی سوورم
لە نێو خانکانی جەستەم حەشاردارە..
تەش لە خەیاڵی تاڵارێ ئاڵتون
باخی گوڵک، پەڕەی ئەماس روبارێک هەنگوین..
لە دوورەوەش بە ئەستێرە ماتکانی بەختم دەوانی
داخە کەهە هاوزای ئەوین و
مەرگی منە..

ئەوەی لە یادەوەریکانم جەماون
دەفتەرێکە، ئەدرەسی ئەو هاوڕیانەی
(کوژران، شەت بوون، ئاوارە و شونبزر)،
جادەیەکی چڕ
کەڵانکی بنبەست..
ئاخ نیشتمانیش دەمامکەکە
بە دوکەڵی ڕەشی چکن
خەی پێشیو…
ئیدی چۆن ئەو دڵە شەتەم
بەو درەختانە خەش بە
کە گەڵاکانی، تەرم ئاسا
بە سەریەکدا کەوتوون
ئیدی سەبەری سەبووریم
پە نابەخشن.

من هەمیشە لەخەیاڵی سەفەر بووم
گەشتێک بەرەو روئیا
ڕەیەک ئیدی گەانەوەی بە نەبە
هەوارێک،
کەسێک ڕەنگم، دەنگم
نەناسەتەوە،
ئەڤین، هەناسەم هەدەمژە
تراویلکە، تینوویەتیم..

مەتەڵی بوون و نەبوون بوو
یان ڕەیەکی پچەوانە
بە یەک نەگەیشتین
مینا جەمسەرکانی موگناتیس
لە یەک دوور بووین..

دوو زمانی
دوو سەردەمی جیاواز بووین
هەرگیز لە یەک نەگەیشتین..

لە نێو هەزاران شەپۆلی دەنگدا
ناکۆکیمان تێبایی
کە سەرتامان کۆتایی بێ
کۆتاییکانیش سەرتا
ئاخر چی ئەفسانەیەکە
بێ هەشت بێ تێ
دەزخ بێ من..

فەریدوون سامان
1995
Fereydun Saman
*لە کۆشیعری (پەم لەعیشقی تێ)دا
چاپی دەزگای ئاراس ـ 1996